ڕاپۆرت : 0478-8526133

ڕێ و ڕەوتی کشتوکاڵی هەرێمی سپێدەشیو وەک ئەوەی لە ٥ ساڵ پێش ئێستا هەبوو

ڕاپۆرت و وێنە: هێمن عەبدوڵڵا (هەڵەبجە) کشتوکاڵ لە هەرێمی سپێدەشیو وەک ئەوەی لە ٥ ساڵ پێش ئێستا هەبوو، ڕێ و ڕەوتی کشتوکاڵی ئەو هەرێمە بەرەو ئاڕاستەیەکی نەرێنی هەنگاوی ناوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو داڕمان دەچێت.

ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئاوی ڕووبارەکانی ئەو هەرێمە بەرەو کەمی دەچێت و زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیش بەهۆی ئەوەی کە ئاو بە شێوەیەکی سروشتی بۆ ناو زەوییەکان ناڕوات، ناچار بە ئاوی بیر ئاودێر دەکرێن، کە ئەمەش بەهۆی گرانی وزەوە، بەرهەمی کشتوکاڵی گرانتر دەکات.

ڕێ و ڕەوتی کشتوکاڵی هەرێمی سپێدەشیو لە ساڵی ٢٠١٧ەوە بەرەو داڕمان چووە، بەجۆرێک ئەو ساڵ بەرهەمی گەنم لە هەرێمەکە گەیشتە ٢٠ هەزار تەن، کە ئەمە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٤ کە بەرهەمی گەنم ٤٠ هەزار تەن بووە، کەمبوونەوەیەکی زۆر گەورەی بەرچاو بەدی دەکرێت